# رۆڵی زانایانی (امد) لە دووبارە بوژاندنەوەی بزاڤی زانستی لەسەردەمی مەمالیک
## (٦٤٨ -٩٢٣ك/١٢٥٠ -١٥١٧ز)

پ. د. حکیم احمد مام بکر
بەشی مێژوو -کۆلێژی ئاداب -زانکۆی سەلاحەدین -هەرێمی کوردستان/ عێراق
د. همزە کاکە یاسین
زانکۆی جیهان -هەرێمی کوردستان/ عێراق

**پوختە:**

لەدوای ئەنجامدانی شاڵاوی مەغۆلەکان و رووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە بەغدا لە ساڵ (٦٥٦ك /١٢٥٨ز) وداگیرکردنی جیهانی ئیسلامی لایەنی زانست و زانیاری تا ڕادەیەکی زۆر پوکانەوەی بەخۆیەوە بینی، بەڵام بەبەراورد بە ناوچەکانی تر سنوری دەوڵەتی مەمالیک کەمتر کاریگەری هێرشەکانی مەغولی بەسەرەوە زاڵ بوو بۆیە زانست و زانیاری دووبارە لە ژێر دەسەلاتی مەمالیک بووژانەوی بەخۆیەوە بینیەوە، کوردیش وەك نەتەوەیکی دیاری ئەو سەردەمە شوێن پەنجەی لەم بوارە بەجێ هێشت و دەیان زانای کورد ڕۆڵی بەرچاویان لە زیندوو کردنەوەی زانست و زانیاری هەبوو، بەتایبەتیش لە دانیشتوانی ئامەد کە پێشەنگی ئەم بوارە بوون، بۆیە لەم توێژینەوەبۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازە و دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، کە لە دەروازەکەدا تیشک خراوەتە سەر بارودۆخی سیاسی و سەربازی و ئەنجامە خراپەکانی لەشکرکێشی مەغۆلەکان بۆسەر پێشکەوتنی لایەنی زانستی، لە تەوەرەی یەکەمی ئەم توێژنەوەیەش باس لەو هۆکارانە کراوە کە دووبارە بوونە هۆی بوژانەوەی زانست و پرشنگداربونەوەی زانایان و گیان هێنانەوە بەبەر ڕۆشنفکری موسڵمانان، هەرچی تەوەرەی دووەمە تایبەت کراوە بە نیشاندانی رۆڵ و پێگەی زانایان و ناودارانی ئامەد کە ڕۆلی کاراو بەرچاویان بینیوە لە دووبارە بونیاتنانەوەی قوتابخانە و پێشخستنی زانست و زانیاری لەسەردەمی مەمالیک و شوێنپەنجەیان دیار بووە لەم بوارە، لە کۆتیاش لەم توێژینەوەیە کۆمەلێک دەرئەنجامی زانستی خراونەتەڕوو، لەگەڵ کۆمەلێک سەرچاوەی رەسەن و ژێدەر کە لەم توێژنەویە سودیان لێوەرگیراوە.

**ووشە سەرەکییەکان:** *مێژووی ئامەد، دیاریکر، مەمالیک، بزاڤی زانستی، زانایانی کورد*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# بارودۆخی سیاسی و سەربازی و دەرئەنجامەكانی لەشكركێشی مەغۆل بۆ سەر جیهانی ئیسلامی

دوای ئەوەی دەسەلأتی خەلیفەی عەباسی (معتصم باللە) لاواز و بێهێز بوو جیهانی ئیسلامی پەرتەوازە بوون و دەیان دەوڵەتی بچووك و نیمچە دەوڵەتە شار لەهەرێم و ئاوەدانیەكانی جیهانی ئیسلامی درووست ببوون كە هەریەكەیان هەوڵی ئەوەی دەدا لەسەر حیسابی ئەویتر هەژموون ودەسەلأتی فراوان بكات و خۆی پێ بەهێز بكات، ئەم پەرتەوازەیی و ناكۆكیانە ئەوندەی تر جیهانی ئیسلامی پارچە پارچە و لاوازتر كردبوو، هەر بۆیەش پەلاماردان و گرتنی جیهانی ئیسلامی بۆ مەغۆلەكان ئاسان بوو و هیچ بەربەستێكی ئەوتۆیان لەبەردەم نەبوو هەر ئەمەش بوو وای كرد كە مەغۆلەكان لەسەرەتادا پەلاماری دەوڵەتی خەوارزمی بدەن و توانیان داگیری بكەن و دەوڵەتەكە بڕووخێنن و دەیان هەزار خەڵكی بێتاوانیان لە زانایان و پیاوچاكان و ژن و منداڵ و پیر پەكەوتە بكوژن، شوێنە زانستی و معریفیەكانیان تێكبدەن و بڕووخێنن تەنانەت هەرچی شوێنەواری پێشكەوتنی ژیان و ئاوەدانیی هەیە لەناویان بردن و ترس و دڵەڕاوكێیان لە ناو خەڵك بلأو كردەوە (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج٩، ص٣٣٠، العرینی، ١٩٨٣، ج٢، ص١٣٢)

ئیتر دوای لەناوبردنی خەوارزمیەكان، مەغۆل دەستیان كراوە بوو و ئامادە بوون بۆ ئەوەی پەلاماری بغداو ناوچەكانی تری جیهانی ئیسلامی بدەن و داگیری بكەن، ئەوە بوو لە ساڵی (٦٥٦ك/١٢٨٦ز) مەغۆلەكان بەسەركردایەتی (هۆلاكۆ) پەلاماری بەغدای پایتەختی خەلافەتی عەبباسیان داو داگیریان كردوو، ژمارەیەكی زۆری خەلكی بەغدا و دەورو بەریان كوشتوو ئەوەشی مابویەوە دەربەدەریان كردن.

داگیركردنی بەغداو كوشتنی خەڵكەكەی بووە شۆكێك بۆ جیهانی ئیسلامی و ناوچەكەش، بۆیە جگە لە مصر و شام هیچ شوێنێك نەما كە پارێزەر و پەناگەی موسڵمانان بێت و هیوایەك بێ بۆ دووبارە بووژانەوە و زیندوو بوونەوەی جیهانی ئیسلامی (شوقی،١٩٨٤، ج٣، ص ص٢٧ -٣٠) هەر دوای داگیركردنی بەغدا هۆلاكۆ فەرمانی دەركرد كە هەرچی پەرتوك و كتێبی نوسراوی ناو بەغداو دەورو بەری هەیە كۆی بكەنەوە فرێیدەنە ناو زێی دیجلە و لەناو ببردرێن، ئەوە جگە لەوەی سەدان زانا بەخۆیان و خێزانەكانیانەوە هەر لەم ساڵە لەناوبران



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

(المقريزى، ١٩٩٧، ج١، ص ٥١٠). بۆیە ئەم کارەساتە کاریگەری لەسەر زاناکانی تری جیهانی ئیسلامی دروست کرد و هەوڵی ئەوەیاندا کە ئەوان ببنە هۆکارێک بۆ دووبارەوە بووژانەوەی زانست و زانیاری و پێشخستنی جیهانی ئیسلامی و پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کەماونەتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارانە ئەو زانایانەی جیهانی ئیسلامی دوای ئەم کارەساتە گەورەی سەر بەغدا هەلاتن و کۆچیان کرد بۆ مصر و شام، لەویش هەم خەڵکەکە هەمیش دەسەلاٌتدارانی مەمالیک بە گەرمی پێشوازیان لێکردن و خزمەتیان کردن، هەر ئەمانەش بوون هۆکاری دووبارە پێشخستنی مصر و شام لەهەموو بوارەکاندا ( زیدان، ١٩٨٤، ج٣، ص ١٣٢) بۆیە ئەم بارووە دۆخەی کە بەسەر ناوچەکە بەگشتی و جیهانی ئیسلامی داهات ناسەقامگیری سیاسی بەدوای خۆی داهێنا کە چەندین ساڵ بەردەوامی هەبوو، بەلاٌم لەگەڵ ئەوەشدا مصر و شام شوێنی بەغدادیان گرتەوەو بوونە ناوەندی زانست و زانیاری و بووژانەوەی رۆشنگەری ئیسلامی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەدوای ڕووخانی بەغدا بەدەستی مەغۆل و پاشانیش ڕووخانی ئەندەلس بەدەستی هێزە مەسیحیەکان هیچ شوێنێک نەما کە شوێنگرەوەی ئەم دوو ناوەندە بێت تەنها مصر و شام نەبن، بەتایبەتر مصر کە پایتەخت و شوێنی فەرمانرەوایی ممالیک و تاکە ناوەندی دەسەلاٌتی سیاسی و سەربازی و کارگێری ئیسلامی بوو لە وکاتەدا ئەمەش وای کرد کە مصر بەتەنها ببێتە ناوەندی ڕۆشنبیری و زانست و معریفەت پێشەنگ بۆ تەواوی موسڵمانان (عاشور، ١٩٨٢، ص١٥٧).

## تەوەری یەکەم

## هۆکارەکانی پێشکەوتنی زانست و زانیاری لە مسر و شام

دوای ئەوەی دەسەلاٌتدارانی مەمالیک پێشوازیان لە زانایانی کوچکردوو بۆ ناوچەکانیان کرد هەوڵی ئەوەیاندا کە ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە وەلاٌتەکەیان لە گشت بوارەکان پێش بخەن بۆیە بۆ ئەم مەبەستە چەند کارێکیان ئەنجام دا کە دواجار ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوچەکە و جیهانی ئیسلامیش هەبوو لە گرنگترین هۆکارەکانی پێشکەوتنی زانست و زانیاری لەمصر و شام ئەمانەبوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

## یەکەم: دامەزراندنی دەزگای زانستی

بێگومان دامەزراندنی دام ودەزگای زانستی هۆکارێکی سەرەکیە بۆ پێشخستنی زانست و زانیاری و بەڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری، بۆیە یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکانی کە مەمالیکەکان پێی هەڵسان بۆ ئەوەی ئەم پێشەنگ بوونە بۆ خۆیان بقۆزنەوە و ئەم دەرفەتە لە دەست نەدەن دروست کردنی چەندین شوێنی زانستی بوو وەك مزگەوت و قوتابخانە و کتێبخانەو زاویە و خانەقا کە هەریەکێکیان ڕۆڵێکی گرنگی بینی لەو پێشکەوتنەی کە لە مصر و شام بەدی هات لەسەردەمی مەمالیک (المنصوری، ١٩٩٣، ص ٩).

### أ - دروست کردنی مزگەوت:

بەیەکێک لە دیارترین شوێنەکانی فێرکردن هەژمار دەکرێت بۆ خویندن و لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز و فێربوونی فەرموودەکان و ئاشنا بوون بە بواری فقە و زمان و زانستەکانی دیکە، تەنانەت مێژووی فێربوون لە جیهانی ئیسلامی پەیوەستە بە مزگەوتەوە، چونکە هەر لەیەکەم دامەزراندنی مزگەوتەوە لەلایەن پێغەمبەرەوە(د.خ) مزگەوت ئەو گرنگیەی وەرگرت کە شوێنێکە بۆ پەرستن لەهەمان کات قوتابخانەیە بۆ فێربوونی زانست و زانیاری( ابن منظور، ٢٠٠٤، ج٦، ص٧٥) بۆیە لە دوای فتوحاتی ئیسلامیەوە ئیتر دەستکرا بەبنیات نانی مزگەوت لەو شارو ناوچانەی کەفتح دەکران بۆ ئەوەی لەوێوە خەڵکی ناوچەکان فێری ئاین و زانستە شەرعیەکان بکرێن، بۆیە لەهەموو سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی ئیسلامی مزگەوت ئەم بایەخەی خۆی پاراستووە (شبلی، ١٩٥٤، ج٥، ص١٠٤) تەنانەت مزگەوتەکان لەلایەن زانایان و عالیمانەوە سەرپەرشتی دەکرا و خوێندن تێیدا بەخۆرایی بوو (شمسیانی، ١٩٨٣، ص٨)، شایەنی باسە مەمالیک گرنگی زۆریان بە مزگەوت داوەو چەندین مزگەوتیان بۆ خزمەتی دین و فێربونی زانست و زانیاری دروست کردووە و لە هەمان کاتیش زۆرێک لە مزگەوتە کۆنەکانیان نۆژەن کردۆتەوە شوێن و جیگای دیکەیان بۆ زیاد کردووە ( عبد الدائم، ١٩٨٤، ص١٥٣) بەتایبەت زیاد کردنی چەندین ژوور بۆ ئەو قوتابیانەی کە شارو ئاوەدانیە دوورەکانەوە ڕوویان دەکردە مصر و شام لەوێ شوێنی حەوانەوەیان لە ناو مزگەوت بۆ زیادکرابوو بۆ ئەوەی لەوێ بتوانن بمێنەوە درێژە بە خوێندنی زانستی شەرعی بدەن ( باشا، ١٩٧٢، ص١١٧) ئەوە جگە لەوەی مەمالیکەکان هاوشێوەی ئەیوبی بڕە پارەیەکی زۆریان بۆ مزگەوت و مامۆستا و قوتابیەکان خەرج دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستیەکانی خۆیان دابین بکەن، جگە لە دابین کردنی خواردن و خواردنەوە بۆ مزگەوتەکان ( ابن بطوطة، ١٩٦٤، ص ص ١١١ -١١٢) ئەم هەنگاوەیان هاریکار بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە زانایان و قوتابیان ڕوو لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی مەمالیک بکەن و لەوێ درێژە بەوانە وتنەوە بدەن و قوتابیانیش فێری زانست و زانیاری بکەن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ب. دامەزراندنی قوتابخانە:

قوتابخانەکان تەواوکەری مزگەوتەکان بوون بۆ فێرکردنی فێرخوازان بەزانستە جۆراوجۆرەکانی تر هەروەها لەوسەردەمە ژمارەی قوتابیان ئێجگار زۆر بوو مزگەوتەکان توانای جێکردنەوەی ئەم ژمارە زۆرەیان لە مامۆستاو فێرخواز نەبوو بۆیە لەم پێناوەدا دەسەڵاتدارانی مەمالیک دەیان قوتابخانەیان لە ناوچە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بنیات ناوە کە بە بەراورد بەسەردەمەکانی پێش خۆیان زۆر زیاتر قوتابخانەیان لەماوەی فەرمانڕەوایی کردنی خۆیاندا دروستکردوە بۆیە قلقشندی لەم بارەیەوە دەڵێت (( بەبێژمار قوتابخانەیان دروست کرد)) (القلقشندی، ١٩٨٧، ج٣،ص٤١٦) وە ئەوی شایەنی باسە لە تەواوی قوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی مەمالیک خوێندن بەخۆڕایی بوو کە ئەمەش زیاتر ئەوەندەی تر هانی زانایانی و قوتابیانی داو ڕۆڵی باشی ل پێش خستنی زانستدا بینیوە، لەهەمان کات بۆ زیاتر گرنگیدان بە قوتابخانەکان وە بۆ ئەوەی بەردەوام دەرگای قوتابخانەکان کراوە بن و هیچ کات لەبەر هیچ هۆکارێک دانەخرێن وە بۆ ئەوەش کە مامۆستاو قوتابیەکان پێداویستیەکانی خۆیان و قوتابخەنەکەیان فەراهەم بکەن، دەسەڵاتدارانی مەمالیک دەیان پارچە زەویان وەکو وەقف بۆ قوتابخانەکان تەرخان کردبوو ( یوسف، ٢٠١١، ص٧٧ )، بۆیە بەبێ بوونی زەوی وەقف نە دەتوانرا قوتابخانەکان کراوە بن مامۆستاکان لەکارەکانیان بەردەوام بن، چونکە ئەم زەوی وەقفانە هەمیشە سەرچاوەی داهات بوون بۆ قوتابیان و مامۆستایان و تەنانەت قوتابخانەکانیش بۆیە ئەگەر هەرکاتێک سەرچاوەی داهاتی ئەم وەقفانە کەم بوونایە یان وەك پێویست نەبونایە کاریگەریان لەسەر پرۆسەی خوێندن و قوتابیان و مامۆستایانیش دەبوو (النعیمی، ١٩٩٠ج١،ص٢٩٠) ئەوەی جێی باسە مەمالیک بەبێ ژمار قوتابخانەیان دروستکردووە، وەك قلقشندی لەم بارەیەوە دەڵێت ((أکابر الأمراء وغیرهم من المدارس ما ملأ الأخطاط وشحنها))(القلقلشندی، ١٩٨٧، ج٣، ص١١٦) وەهەروەها ابن بگوگە دەڵێت ((وأما المدارس بمصر فلا یحیط أحد بحصرها لکثرتها)) ( ابن بطوطة، ١٩٦٤،ص ١١٠).

هەروەها ڕێزی زۆریان لە زانایان دەگرت و هانیان دەدان و نازناوی گرنگیان پێدەبەخشین، تەنانەت حەفتانە زیاتر لە جارێک لەگەڵ زانایان دادەنیشتن و گوێیان لە ئامۆژگاری و پێشنیارەکانیان دەگرت وەك باسکراوە زۆر گرنگیان بەمێژوو و مێژوونوسان داوە، پێیان وابوە کە دەبێ چیرۆکی نەتەوەکانی پێش خۆیان بزانن بۆ ئەوەی ببێتە پەند و ئامۆژگاری بۆیان و سوودیان لێوەرگرن بۆیە ابن تغری بردی لە زمانی سوڵتان بیبرس باس دەکات و دەڵێ ((سماع التاریخ اعظم من التجارب))، (ابن تغری بردی، د. ت، ج٧، ص١٨٢) هەر ئەمەش وای کردبوو خەلکی گشتی بەچاوێکی ڕێزەوە سەیری زانایان بکەن، سەرئەنجام ئەمانە و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

چەندین هۆکاری تر بوونەهۆی پێشکەتنی زانست و زانیاری لە مصر و شام و تەنانەت بنە پێشگی جیهانی ئیسلامی لەم بوارە، بۆیە کوردیش وەك نەتەوەکانی ژێر دەستی مەمالیک پشکدارە لەم پێشکەوتنەی کە جیهانی ئیسلامی لەسەردەمی مەمالیک بەخۆیەوە بینی بەتایبەتیش کوردانی ئامەد رۆڵی بەرچاو کاراین لەم پێکشەوتنە گێرا و شوێن پەنجەیان دیاربوو.

### ج. بنیاتنانی زایە و خانەقا و تەکیە:

یەکێکی تر لە دەزگا زانستیەکانی تری سەردەمی مەمالیک دروست کردنی سەدان زاویە و خەنەقا و تەکیەیە کە هەریەکێکیان بەجۆرێک لەجۆرەکانی بواری زانستی پێش خست و ڕۆڵی کارای لە هاندان و تەنانەت فێرکردنی قوتبیانیش هەبوو، تەکانێکی تریان بە لایەنی زاستیدا و پێشیان خست، ئەوی شایەنی باسە میر و کاربەدەستەکانی مەمالیک پێشبرکێیان بوو لەسەر درووست کردن و بنیاتنانی زاویە و خانەقای تایبەت بەخۆیان و پارەو پولێکی زۆریان لەم پێناوەدا خەرج دەکرد، بۆیە زاویە و خانەقاکان ئەوەندە زۆر بوون هەژمار نەدەکران، لەم زاویە و خانەقاینە رۆژانە دوو کات خواردن بەسەر قوتابیان و مامۆستایان دابەش دەکرا و پارەیەکی زۆریشیان بۆ پێشخستنی زانست و زانیاری تێدا خەرج دەکرد هەر بۆ ئەم مەبەستە جل و بەرگیش بەسەر مامۆستایان و قوتابیان دابەش دەکرا و ساڵێ دووجار ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدرا، ئەوە جگە لەوەی هەموو پێداویستیەکی ڕۆژانە بۆ قوتابیان لە صابون و خاولی و پێداویستیەکانی تریان بۆ ئامادە کرابوو، تەنانەت مووچە بۆ مامۆستایان و قوتابیان دیاری کرابوو بەبەردەوامی پێیان دەدرا، هەر لەناو ئەم زاویە و خانەقایانە بەشە ناوخۆی بۆ قوتابیانی سەڵت دیاری کرابوو، هەروەها بۆ ئەوانەشی کە خێزاندار بوون شوێنی جیایان بۆ دروست کرابوو (ابن بگوگە، ١٩٦٤، ص١١٠)، ئەوەی شایەنی باسە لەم خانەقایانە بەبەردەوامی وانە و دەرس وتنەوە هەبووە بەبێ دابران وە هەر یەکێک لەزاویە و خانەقاکان تایبەت بوو بە فەقیهێک یان زانایەکی بەناوبانگ کە خۆی ڕاستەخۆ سەرپەرشتی پرۆسەی فێرکردن وخوێندن و چاودێری کاروبارە زانستی و کارگێریەکانی دەکرد، جگە لەوەش پاسەوانی تایبەت هەبوون ئەرکی پاراستنی قوتابیان و مامۆستاکانی لەئەستۆ بوو (محمد، ٢٠٠٧، ص٢٤٧).

لەم رووانگەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەسەڵاتدارانی مەمالیک چەندە گرنگیان بەلایەنەی زانست و زانیاری داوە کە هەموو ئەمانە بوونە هۆکاری دوویارە بووژانەوەی لایەنی زانستی لە جیهانی ئیسلامی بە پێشەوایەتی دەوڵەتی مەمالیک و کاربەدەستەکانی بۆیە ئەم هۆکاران بوونە هۆکاری پێشەنگ بوونی مصر و شام لە زیندوو کردنەوەی شارستانیەتی ئیسلامی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

## دووەم/ پەیوەندی دەسەڵاتدارانی مەمالیک بە زانایانەوە:

زۆرێک لە کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی مەمالیک بەوە ناسرابوون کە زانست و زانینیان خۆش ویستوە پەیوەندیەکی زۆرباشیان لەگەڵ زانایان و پێشەوایانی ئاینی هەبوو و هەمیشە ڕێزیان گرتوون و گوێیان لە زانست و تەنانەت ئامۆژگاریەکانیشیان گرتووە، بۆیە مێژوونوسێک لە بارەی سوڵتان بیبرسەوە دەڵێت زۆر خولیای لە رادەبەدەری بۆ مێژوو و زانیانی ئەم بوارە هەبوو (د.ت، ج٣، ص٦١) تەنانەت زۆرجار لە کۆڕ و بونەوەکانی زانایان دادەنیشتن و گفتوگۆ و گەنگەشەی زانستیشیان لەگەڵ زانایان کردووە، زۆرجاریش کۆڕ و کۆبونەوەکانی کۆشکەکانیان باس کردنی لایەنی ئاینی و زانستی و کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتوە (عزام، ٢٠٢٠، ص٤٩)، دەسەڵاتدارانی مەمالیک زاناکانیان بە مرۆڤی پیروز سەیرکردووە و ڕێزی زۆریان لێناون تەنانەت لە کاروباری کارگێری و سەربازی و سیاسیشدا پرس و ڕاوێژیان پێکردوون، بۆ نمونە سوڵتان ڤاهیر بیبرس ریزی زۆری شێخ عزالدبن بن عبدالسلام و شیخ خضري کوردی گرتوە و بە پیرۆز سەیری کردوون و بێ پرس و ڕاوێژی ئەمانە هیچ کارو چالاکیەکی سیاسی و سەربازیشی ئەنجام نەداوە ( السبکی، ١٩٧٤، ج٥، ص ٨٢)( رزق، ٢٠١٣، ص ص ٩ -١٠) هەر ئەم ڕێزەی کار بەدەست و پلە باڵاکان بۆ زانایان لەبەرچاویان گرتبو وای کردبوو خەڵکی بەگشتیش لەوە زیاتر ڕێزیان لە زانایان و مامۆستایان و قوتابیانی زانست دەگرت و وەکو سوڵتانەکان سەیریان دەکردن و لە فەرمانیان دەرنەدەچوون هەر ئەم ڕێزە زۆرە بوو وای کرد کە لەو سەردەمە سەدان زانا لە هەموو بوارە جیاجیاکان بەدیار بکەون و ڕۆڵی زۆرباشیان بینی لە پێشخستنی زانست و کۆمەڵگا و خزمەتی ئاین کە دواجار تائێستا ناویان لەمێژووی ئیسلامی بەزیندوویی ماوەتەوە.

## تەوەری دووەم

## رۆلی زانایانی (امد) لە دووبارە بوژاندنەوەی بزاڤی زانستی لەسەردەمی مەمالیک

کورد بەگشتی تەنها پشکدار نەبووە لە لایەنی سیاسی و سەرباز ی لەسەردەمی مەمالیک بەڵکو لەلایەنی شارستانی و پێخستنی زانست و زانیاریش رۆلی کارا و دیاریان هەبووە و دەیان و سەدان زانای کورد ئەو ڕۆڵەیان بینیوە و شوێنپەنجەیان لە خزمەتی شارستانیەتی ئیسلامی و گرۆی مرۆڤایەتی دیارە، هەروەها لە بنیاتنانی مزگەوت و قوتابخانە وزاویە و تکیە و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شوێنی زانستی تر درخێیان نەکردووە، جا لەو نێوەندەش کوردەکانی ئامەد(دیاربکر) بەشێکی گرنگیان لەوسەردەمە لەو خزمەت شوێنیان دیار و ناویان زیندوو و درەوشاوەیە.

بۆیە ئامەدییەکان لە زۆربەی ئەو بوارە زانستیانەی ئەو سەردەم خزمەتی بەرچاویان پێشکەش کردووە کە گرنگترینیان ئەم بوارانەی خوارەوەن.

## یەکەم: زانستە ئاینیەکان زمانەوانیەکان:

موسڵمانان بەگشتی لەتەواوی قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئیسلامی و بەئێستاشەوە گرنگی زۆریان داوە بەزانستە ئایینیەکان و هەمیشە خەریکی لێکۆلینەوەی تویژنەوەی ئایین، بۆیە کوردیش هەر لەم سۆنگەیەیەوە بایەخی زۆری بەزانستە ئایینیەکان داوە و شوێنیان دیار و درەوشاوەیە، لە نێو کوردیش ئامادیەکانیش پشکداری دیاری خرمەتی زانستە ئایینەیکان بوون لەگرنگترین ئەم بوارەنشی کە کوردەکانی ئامەد تێیدا خزمەتیان کردووە ئەمانەی خوارەوەن.

### ١ -بواری زانستی خوێندنەوە( علم القراءات):

ئەم زانستە بەیەکێک لە زانستە پر بایەخەکان سەیر دەکرێت، چونکە زانستێکە تایبەتە بە خوێندنەوەی قورئان و شێوە و شێوازی دەربرینی پیتەکان و وشەکانی ڕێک دەخات (الانصاری، ١٩٨٨، ص٨٨) مەبەستیش لێی جوان و ڕێک خوێندنەوەیەتی، چونکە وەك زانراوە چەند جۆرە خوێندنەوەیەك هەیە و جیاوازی زۆریش لە شێوازی خوێندنەوەو دەر بڕینەکاندا بەدی دەکرێت، ئەوە جگە لەوەی لەدوای فراوان بوونی دەوڵەتی ئیسلامی و هاتنە ناوەوەی خەڵکانێکی تری نا عەرەب بۆ نێو ئەم شارستانیەتییە، ئەو خەڵکانە شارەزای زمانی عەرەبی نەبوون و شێوەو شێوازی قورئان خوێندنەوەشیان لا ئاسان نەبوو (گاش کبری زادە، ١٣٢٩هـ، ج١، ص ٣٤٧) بۆیە دواجار ئەم زانستە بلاّو بوونەوەی بووە کارێکی زۆر پێویست، چونکە ئەم زانستە هەوڵی ڕێک خستن و چاکردن و ڕاست کردنەوەی هەڵە زمانەوانیەکان دایە ( صالح، ١٩٧٢، ص٢٥٧).

ئەوەی شایەنی باس کردنە، کوردانی دیاربکر، (ئامەد) لەم بوارە پێشەنگ بوون چەندین زانای ناوداری شارەکە لەبواری ڕێک خوێندنەوەی قورئان و زانستەکەی ناویان دیاربووە و تەنانەت مامۆستای ئەم بابەتە بوون لە وانە (محمد بن عبد الاحد بن یوسف الامدی ) ناسراوە بە (ابن الرزیز) لە ساڵی (٦٦٠ك/ ١٢٦٢ز) لەدایک ببوە یەکێک بووە لە پیاو چاك و زاناکانی سەردەمی خۆی کەسێکی زمانپاراو قسەزان و خۆش گوفتار بوو جگە لەوەی قورئانخوێنێکی باش و مامۆستایەکی لێهاتویی ئەم بوارە بوو، وتار بێژێکی زۆر چاکیش بووە لە مزگەوتی (جامع الکریمی ) دیمەشق وتاربێژ بووە کە لەوتاردان هێمن و لەسەر خۆ و زمان پاراو بووەو وەقورئان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

خوێنێکی نایاب بووە، ناوبراو لە تەمەنی هەشتاو سێ ساڵی لە ساڵی( ٧٤٣ك/١٢٤٣ز) کۆچی دوایی کردووە. (ابن حجر، ١٩٦٦، ج٤، ص١٠٩)

یەکێکی تر لەم زانا ناودارانەی ئامەد کەقورئانی خوێندنەوە و شارەزای ئەم بوارە بووە ( تقی الدین ابو بکر الامدی )یە کە شارەزاییەکی زۆرباشی لە زانستی قورئان و خوێندنەوەی هەبووە و زۆر جار لە مزگەوتی ئومەوی قورئانی خوێندووە، هەمیشە کۆیلە و کەمدەرامەتەکانی فێری زانستی قورئان و خوێندنەوەی دەکرد، تەنانەت زۆرکات کۆیلەی ئاسایی دەکڕی دوای ئەوەی زۆرباش فێری قورئانی دەکرد لەبازاڕەکان بە پارەیەکی باش دەیفرۆشتەوە، یان پێشکەشی دەسەڵاتدارانی مەمالیکی دەکرد، بۆیە ناوبراو ناوبانگی باشی بەدەست خست تا ئەوەی توانی بەم کارەی پۆستی سەرپەرشتیاری بیت المال وەربگرێت (ابن حجر، ١٩٦٧، ج٢، ص٦)

زانایەکی تر لە زاناکانی ئامەد (الضریر شیخ احمد بن رمضان بن عبدالله الشهاب السلیمانیة )کە لە ساڵی (٨٠٨ك/١٤٠٥ز) لە گوندێکی نزیک دیاربکر لە دایک بووە و هەر لەمنداڵیەوە گەشتی بۆ فێربوونی قورئان دەست پێ کردووە بۆیە لە ماردین و حصن کیفا و زۆربەی شارەکانی نزیک دیاربکر خوێندویەتی تا توانیویەتی قورئانی پیرۆز لەبەر بکات و دواتریش الفیە ابن مالیک و دەیان کتێبی تری لەبەر کردووە، ناوبراو توانای لەبەر کردنی زۆربەرز بووە بۆیە بۆ درێژە دان بەفێربوونی زانست گەشتی قاهیرە دەکات لەوێش لای زۆرێک لەمامۆستایان وانە دەخوێنێت تا دەبێتە یەکێک لە گەورە زانایانی بواری خوێندنەوەی قورئان و زانستی قورئان و چەندین قوتابی پێگەیاندوون و تێگەیاندوون ئاشنای زانستی خوێندوەوەی کردوون، جگە لەبواری خوێندنەوە زانایەکی زۆرباشی زمانی عەرەبی بووە و تەنانەت وەك( شیکرەوەی قورئان) مفسیری قورئان زۆر کاری کردووە وە بە فەقیهیش دەناسرا ناوبراو لە ساڵی (٨٨٠ك/١٤٧٥ز) کۆچی دوایی کردووە( السخاوی، د.ت، ج١، ص ص ٣٠٢ -٣٠٣). بۆیە لێرەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت کە کوردانی ئامەد پێشەنگ بوون لە پێشخستنی زانستی خوێندنەوەی قورئانی پیروز و شوێنیان لەم بوارە بەئاشکرا دیارە.

**٢ - زانستی فەرموودە ناسی:**

فەرموودەناسی بە یەکێک لە زانستە هەرەگرنگەکان هەژمار دەکرێت، چونکە لەدوای قورئان بە دووەم سەرچاوەی شەریعەتی ئیسلامی هەژمار دەکرێت و گرنگی تایبەتی بۆ موسڵمانان هەیە، بۆیە زانایان زۆر گرنگیان پێداوەو لێیان کۆڵیوەتەوە، ئامانجیش لەم زانستە هەڵهێنجانی فەرموودە ڕاست ودروستەکانە و پاکردنەوە وجیاکردنەوەیانە لە فەرموودە نادروست و هەڵبەستراوەکان ئەم زانستە هەموو کردار و ڕەفتار و گفتارەکانی پێغەمبەر لەخۆی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەگریت و ئەوەی ئەو کردوویەتی یان باسی کردووە یان ئەو کارو کردەوانەی کە هاوەڵانی ئەنجامیان داوەو ئەو ناڕەزایی لە بەرامبەردا نیشان نەداوە، وەك السیوگی لە ابن الاکفانی وەری گرتووە و دەڵێت ((عِلْمُ الْحَدِيثِ الْخَاصُّ بِالرِّوَايَةِ: عِلْمٌ يَشْتَمِلُ عَلَى نَقْلِ أَقْوَالِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَفْعَالِهِ، وَرِوَايَتِهَا، وَضَبْطِهَا، وَتَحْرِيرِ والفاظها))(السيوطي، ٢٠٠٤،ج١،ص ص ٢٥ - ٢٦) جا لەگرنگترین ئەو کەسایەتیە کوردیانەی ئامەد کە لەم بوارە ڕۆڵیان هەبووە و زانای فەرمووەدەناس بوون و خۆیان و خەلکیان پێگەیاندووە ( اسحاق بن یحی بن ابراهیم الامدی)بووە بە ( عفیف الاسحاق) ناسرا بوو ناوبراو لە ساڵی ( ٦٤٢ك/١٢٤٤ز) لە ئامەد لەدایک بووە بۆ بەدەست خستنی ئەو زانستی فەرمووده ناسی لای گەلێک مامۆستای بەناوبانگ وانەی خوێندووە و سەردانی گەلێک شاری وەك دیمەشق و قاهیرەی کردووە، پاشان لە مصر نیشتەجێ دەبێت و لە قوتابخانەکان و مەشیەخەکانیدا وانە دەخوێنێت و پاشان هەر لەوێش دەبێتەو مامۆستا (الذهبي، ١٩٩٩،ص٧٠) بەتایبەت لە (دار الحديث الظاهرية ) لە دیمشق و وانەی فەرمودەناسی دەڵێتەو، ناوبراوە بەوە ناسرابوو کە خاوەن ڕەوشتێکی بەرز و زانستێکی زۆر و دادپەروەرێکی چاك و خاوەن هەستێکی بەهێزە(الصفدی، ١٩٩٨،ج١،ص٢٩٣) عفیف یەکێک بووە لە زانا فەرمووەدەناسەکان کە زۆرێک لە سەنەدەکانی پشت ڕاست کردۆتەوە، بۆیە زانایانی دوای خۆی سوودی زۆریان لەبەرهەمەکانی وەگرتووە، لەبەر خواپەرستی و ئاین پارێزیەکەی و ڕاست گۆیی و ئەمانەت پارێزیەکەی بە (عفیف الدين) بانگیان دەکرد و ئەم ناوەیان لێناوە (الفاسی، ١٩٩٠، ج١، ص ٢٨٠) ئەم زانا پایە بەرزەی ئامەد لە ساڵی ٧٢٥ك/ ١٣٢٥ز) کۆچی دوایی کردووە و گەلێک بەرهەمی ناوازەی لە دوایی خۆی جێهێشتوە.

یەکێکی تر لە زانایانی ئامەد (ابراهيم بن اسحاق بن يحيى الامدی) یە ئەم زانایە خەڵکی ئامەدە لە ساڵی (٦٩٥ك١٢٩٥ز) لە دیمەشق لە دایک بووە و کەسێکی فەرمووەدەزانی و زیرەك و لێهاتوو بووە جگە لەوی زانایەکی فەرموودە ناس بووە لەکاروباری کارگێری و دونیایشدا لێهاتوو بووە بۆیە دەسەڵاتدارانی مەمالیک چەندین پۆستی وەك (نظر الجيش) و سەرۆکایەتی دیوانی ( الحسبه)یان لەدیمەشق پێ بەخشیبوو، ئەم زانایە لای خەڵک خۆشەویست و لای دەسەڵاتدارانی مەمالیک ڕێز لێگیراوو بوو، ناوبراوە مامۆستای ابن حجری العسقلانی بووە کە خۆی دەڵێت مۆلەتی گشتیم لەو وەرگرتوە، ئەم زانایە لە ساڵی (٧٨٨ك/١٣٧٦ز) کۆچی دوایی کردووە.(ابن حجر، ١٩٦٦،ج١،ص١٧)

فەرمودە ناسێکی تری ئامەد زانایەکە بەناوی (احمد بن يوسف سعد الله الامدی) کە ناوبراو لەساڵی(٧١٠ك/١٣١٠ز) لە ئامەد لەدایک بووە، بە پسپۆری فەرمووەدەناسی بوو بۆ ئەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

زیاتر لەم بارەیەوە بزانی گەشتی بۆ بەغداد و مصر و شام کردووە لای چەندین مامۆستا وانەی خوێندووە تا ئەوکاتەی دەبێتە یەکێک لەزاناکانی ئەم بوارە ( ابن حجر، ١٩٦٦، ج١، ص٤٠٢)

زانەیەکی تر لە بنەماڵەی فەرموودە ناسی بەناوبانگ (عفیف الدین الامدی) کورەکەیەتی بەناوی (فخر الدین) کە وەك باوکی لەبواری فەرموودە زانیدا لێهاتووە بووە یەکێک بووە لەزاناکانی سەردەمی خۆی تەنانەت زۆرێک لە کەسایەتیە ناوادەکانی جیهانی ئیسلامی لەسەردەستی ئەو بروانامەی فەرموودە زانیان وەرگرتوە لەوانە ( ابن حجر) لای ئەم زانا کوردە مۆڵەتی فەرمودە زانینی وەرگرتوە ئەم زانایەش لە ساڵی ( ٧٧٨ك/١٣٧٦ز) کۆچی دوایی کردووە (ابن حجر، ١٩٦٧،ج١، ٢٠٠)

یەکیکی تر لەو فەرموودە ناسانە (ابراهیم بن داوود بن عبدالله )یە کە بە ( برهان الدین الامدی) ناسرابوو، ناوبراو یەکێکە لەو زانا کوردانەی کە شار و وڵاتی خۆی لە پێناو بەدەستهێنانی زانست و زانیاری بەجێهێشت و ڕووی کردۆتە مصر و بەتایبەتیش لە قاهیرە گیرساوەتەوە و درێژەی بە خوێندنی فەرموودە ناسی داوە و لای گەلێک لە مامۆستاکانی ئەوێ وانەی خوێندووە، بەتایبەتیش (سونەنی ابن ماجە)ی لەوێ تەواو کردووە ناوبراو لە ساڵی (٧٩٧ك/١٣٩٤ز) کۆچی دوایی کردووە ( ابن الفرات، ١٩٣٦،ج٢،ص ٤١٧)

هەروەها یەکێکی تر لە نەوەکانی (عفیف الدین الامدی) نەوەیەکیتی بەناوی (عبدالرحمن بن ابراهیم العفیف اسحاق بن یحیی الامدی) کە لە باپیرەوە ئەم زانستەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە بۆیە ئەم بنەماڵەیە لەبواری فەرموودە ناسیدا خزمەتێکی زۆریان بە موسڵمانان کردووە و دەیان و سەدان قوتابیان پێگەیاندووە و ئاشنایان کردوون بەزانستی فەرموودە ناسی ئەم زانایەش هاوشێوەی باپیری کەسایەتیەکەی دیار و شارەزایەکی باش و زانایەکی ناوداری فەرموودەناسی بووە، ناوبراو لەساڵی (٨١٥ك/١٤١٢ز)  لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە (السخاوی، د.ت، ج٤،ص ٤٣) (الکامل، ٢٠١٤، ص١٣٥). ئەم هەموو زانا فەرموودە ناسەی ئامەد ئەوە دەسەلمێنن کە خەڵکی کورد و بەتایبەتیش خەڵکی ئامەد (دیاربکر) چەندە پەرۆشی فێربوونی زانست و زانیاری بوون لەم بوراەش پێشەنگ بوون و خزمەتێکی زۆریان پێشکەش کردووە.

### ٣ -: زانستی فقە (تێگەیشتن لە ئاین):

ئەم زانستە بەیەکێک لە زانستە گرنگەکانی شارستانییەتی ئیسلامی هەژمار دەکرێت، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە و چارەسەری هەموو ئەو نا ڕۆشنیانە دەکات کە خەڵک پێویستیەتی، مەبەستیش تێیدا دۆزینەوەی وەڵامە بۆ پرسیارە شەرعییەکانیان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زانستی (فقه) واته (تێگەیشتن) لە قورئانی پیرۆز و هەڵهێنجانی حوکمە شەرعیەکان لە قورئان و فەرموودە و ئیجتهادکردن لە (أحکامەکان) و کارئاسانی کردن و فەتوا دان بۆ خەڵک بە پێی چوار مەزهەبە سوونییە سەرەکییەکە(حاجی خلیفە، د.ت، ج٢، ص٤٨٢) زاناکانی ئاماد لەم بوارەش ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە چەندین زانای ناودار لەسەرچاوە رەسەنەکاندا هاتووە کە خەڵکی ئامەدن و خزمەتی زۆریان پێشکەش کردووە وەکو فقیهێکی ناودار بەدیار کەوتوون لەوانە (علی بن احمد بن یوسف بن الخچر الامدی) یە کەسێکی زانست خوازبوو حەزی بەفێربوون بوو بۆیە بۆ دەستخستنی زانست، گەشتی بۆ بەغدا و وڵاتی شام ئەنجام داوە و یەکێک بووە لە زاناکانی فیقە و ناوبانگی باشی هەبووە هەروەها یەکێک بووە لەوکەسانەی کە لێکدەرەوەیەکی زۆرچاك بووە جگە لەوەش نووسەر و رەوانبێژەکی زۆرچاك بووە هیچ شتیك لەبەردەمی نەدەوەستا و گوزارشت و دەربڕینی زۆر باشی هەبووە، ناوبراو لەساڵی(٧١٣ك/١٣٤٠ز) کۆچی دوایی کردووە.

فەقیهێکی تر کە ناوی (أحمد بن یوسف السعدی الحرانی پم الآمدی شهاب الدین ابن جمال الدین) جگە لەوەی لە بواری فقە شارەزایەکی زۆر باشی هەبووە و مامۆستای ئەم بوارە بووە، لەگەڵ ئەوەش لەگەڵك بواریتر دەست ڕەنگین بووە بەتایبەت لەبواری هونەر زۆر ستایش دەکرێ، ئەوە جگە لەوەی مامۆستای زمانەوان بووە گەلێك نووسەر بۆ زانینی مانا و ڕێك خستنی پەرتوك و شیعر و هەڵبەستەکانیان پرس و ڕاوێژیان پێکردووە، بۆیە ناو براو خزمەتێکی دیاری بە بواری فقە و زامانەوانی و ئەدەبی کردووە، شایەنی باسە جگە لەم کەمە زانیاریە هیچی تری لەبارەیەوە لەسەرچاوەکان باسی لێوە نەکراوە (ابن حجرر، ١٩٦٦،ج١، ص٤٠٧).

ناوێکی دیاری ئامەد فەقیهێکە بەناوی (محمد بن عیمان بن یوسف الآمدی پم المصری الحنبلی بدر الدین بن الحداد) کە بە (بدرالدین الامدی) ناسرابوو زانیایەکی لێزان و ئەستێرەیەکی دیاری بواری فقە بوو لەسەر دەستی کۆمەڵێك مامۆستا لە ناوچەی جیاواز ئەم وانەی خوێندەوە تا ئەوەی بۆتە یەکێك لە فقیهە ناودارەکانی جیهانی ئیسلامی و ناوبانگی بەدەست خستووە، هەر ئەم بەدیارکەوتنەشی بوو کە دەسەڵاتدارانی مەمالیك پێیان خۆش بووە ببێتە کاربەدەستیان بۆیە چەندین پلە و پۆستی جیایان پێبەخشیوە لەوانە (ناظر دیوان) و (الحسبە) لە حەلەب پێبەخشی و(ابن کثیر، ١٩٧٧، ج١٤، ص٥٨) دواتر لە دیمەشق کرایە (سەرپەشتیاری ئەوقاف و پاشان وتاربیژی) جگە لەوەش کراوەتە محتەسیب لە مصر (ابن العماد، د.ت، ج٦، ص٦٥) چەند جارێکیش وەك سەپەشتیاری بیمارستان دیاری کراوە وە هەروەها وەکو دادوەریش لە دادگا کاری کردووە (ابن مفلح، ١٩٩٠، ج٢، ص٤٦٦) ناوبراوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەوکاتەی کەلە ساڵی (٧٢٤ك١٣٢٥ز) کۆچی دوایی کرد محتەسیبی شاری دیمەشق بوو (ابن حجر، ١٩٦٦، ج٤،ص١٦٤ -١٦٥).

زانایيەکی تری بواری فەقیهێکە کە بە ( الشابشی) ناسراوە، کە ناوی تەواوی (محمد بن محمود بن نصر الآمدی) یە ناوبراو لەلای مامۆستای بەناوبانگ (ابن الشحن) و (ست الوزراء) فقهی خوێندووە و پێگەیشتوە دواتریش بوە بە فیقە زانێکی شارەزا و مامۆستای ئەم بوارە جگە لەم کەمە زانیاری هیچی تری لەبارەیەوە باس نەکراوە ( ابن حجر، ١٩٦، ج٦، ص٨).

یەکێکیتر لەو فەقیهانەی دیاربکر (محمد بن محمود بن نصر الامدی الشافعی)یە کە لە بواری فقهدا زۆری خوێندووە و بۆتە یەکێک لە فەقیهەکانی مصر و رۆڵێکی باشی لە پێگەیاندنی قوتابیان و فقیهەکانی مصر هەبووە و چەندین کەسایەتی وەك (الحافظ زین الدین عبدالرحیم بن حسین الکردي) چەندانی تریش لەسەردەستی ئەم زانە ئامەدیە مۆڵەتی خوێندن و مامۆستاییان وەرگرتووە ناوبراو لەساڵی ( ٧٩٦ك/ ١٣٩٣ز) کۆچی دوایی کردووە (ابن حجر، ١٩٦٦، ج٥، ص ٢١) (عبدالکریم المدرس، ١٩٨٣، ص٤٨٥)

هەروەها (سعد الدین بن عبدالله الامدی ) یەکێکی تر لەو فەقیهانەی دیاربکر کە لە ئامەدەوە کۆچی کردووە چۆتە مصر و شام لەوێش ناوبانگ پەیدا دەکات و دەبێتە یەکێک لە فیقهزانەکان تا ئەوکاتەی بەهۆی بەناوبانگ بوونیەوە کاربەدەستانی مەمالیک دەیکەنە کاربەدەستی خۆیان لە گرابلسی لیبیا و ماوەیەکیش مفتی ئەوێ بووە هەر لەوێش ماوەتەوە تا کۆچی دوایی دەکات لە ساڵی ٨٣٢ك/١٤٢٨ز)( حاجی خلیفە، د.ت، ج٢، ص٦٢٥).

**٤ - : وتار بێژی:**

ئەم زانستە بەیەکێک لە زانستە پڕ بایەخەکان سەیر دەکرێت، بەزانستێکی ئاینی پوخت هەژمار دەکرێت (القلقشندی، ١٩٨٧، ٤،ص ٤٠) چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خەڵك و ژیانی خەڵکەوە هەیە، کەسانێک دەبوونە وتار بێژ، کە زمان پاراوو قسەزان و خاوەن پاشخانێکی زانستی بەرزو باش بوون (الجرجانی، ١٩٨٣، ص٩٩) کە لە لەسەریان پێویستبوو ئامۆژگاری خەڵك بکەن و تێکەڵاوی ژیانیان بن و ببنە چارەسەر بۆ گرفتەکانی ناو کۆمەڵگا، بۆیە ئەم زانستە لای خەڵك بەهای تایبەتی خۆی هەبووە، بۆیە چەندان کەس لەم بوارە ناوبانگیان پەیدا کردبوو، لە نێو کوردانی ئامەدیش خەڵکانێک لەوتاربێژی ناوبانگیان پەیدا کردبوو، گرنگترینیان:

(محمد بن عیمان بن موسی بن عبد الله بن محمد الآمدی) ئەم زانا ئامەدیە لە ساڵی (٦٥٩ك ١٢٦١ز) لە شاری مەککە لە دایک بووە و گەورە بووە و لای باوکی و چەندین زانای تر دەستی بە خوێندن کردووە و یەکێک بووە لە زمان پاراوو ڕەوان بێژەکان بۆیە لەدوای مردنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

باوكی دەكرێتە وتار بێژی شاری مەككە، وادیارە باوكیشی هەر وتاربێژی مەكە بووە بۆیە ئەویش لەشوێنی ئەو دەستنیشان دەكرێ بۆ وتاردان، هەڵبژاردنی ئە كەسایەتیە بۆ وتاردان لە شارە دیارە كە ڕەوانبێژی و لێهاتوویی ئەو زانا كوردە دەردەخات، ئەگینا لە شارێكی وا هەستیار كە ڕووگە و قبیلە موسڵمانانی جیهانە ناكرێتە وتاربێژ كە ئەمە خۆی لە خۆیدا باشترین ناساندنە، پاشانیش دەكرێتە دادوەری شاری مەككە كە وەرگرتنی دادوەریش لەلایەن ئەو زانا كوردەی ئاماد نیشانەی لێهاتوویی و لێزانینیەتی لە زانستە شەرعیەكان بۆیە بۆ ئەم پۆستەش هەڵدەبژێردرێت ناوبراو لە ساڵی (٧٣١ك /١٣٣١ز) كۆچی دوایی كردووە( ابن حجر، ١٩٦٦، ج٥، ص ٤٦٤)

یەكێكی تر لەوتاربێژە ناودارەكانی ئامەد كە وتار خوێنی شاری غەزە بووە لە فەلەستین كەسێكە بەناوی (شمس الدین محمد بن عیسی بن محمد بن عبد الوهاب بن دویب الآمدی الدمشقی) كە بە (قاچی شهبە) ناسرابوو، ئەم زانا كوردە لەپاڵ ئەوەی كە وتار بێژێكی لێهاتوو لە هەمان كاتدا نوسەر وئەدیب زانێكی بلیمەت بووە، جگە لە بواری ئاینی لەبواری كارگێریشدا شارەزاو لێهاتوو بووە بۆیە دەسەڵاتدارانی مەمالیک كردوویان بە (كاتب الانشاء) لە دیمەشق، پاشان لە ساڵی (٧٦٢ك/١٣٧١ز) كۆچی دوایی كردووە ( المقریزی، ١٩٩٧،ج٢، ص ٢٣٦)

### ٥ -: زانستی زمانەوانی و ڕێزمان :

بۆ ئەوسا مەبەست لەم زانستە جوان و ڕێک بەكار هێنانی زمانی عەرەبی بووە، ئامانجیش لێی فێركردنی خەڵک بووە بۆ ئەوەی قورئان و فەرموودەكان بەشێوەیەكی ڕێک و دروست بخوێننەوە، دوای ئەوەی فتوحاتی ئیسلامی زۆر ناوچەی دەرەوەی سنووری عەرەبی گرتە خۆی و خەڵكانێكی نا عەرەب هاتنە نێو ئایینی ئیسلامەوە، ئیتر ئەو كات ئەو زانستە بووە پێویستییەكی حەتمی بۆ ئەوان، تا فێری ڕێک خوێندنەوەو بەكارهێنانی وشەكان بن، بۆیە ئەم زانستە بە زانستێكی گرنگ هەژمار دەكرێت(الطائي، ١٩٧٥،ج٤، ص١١٣) بۆیە كوردیش هەرچەندە وەكو نەتەوەكانی تری جیهانی ئیسلامی زمانی دایكیان كوردی بووە بەلأم لەهەمان كاتدا گرنگی زۆریان بەزمانی عەرەبی داوەو چونكە هەم لەبەر ئەوەی زمانی قورئانە هەمیش بەپیرۆزیان زانیووە بۆیە كورد بە گشتی و ئامەدیەكانیش جگە لەوەی زمانی عەرەبی زمانی دایكیان نەبووە لەگەڵ ئەوشدا بوونەتە زانا لە بواری زمان و ئەدەب و ویژە، تەنانەت بگرە زۆر جار لە عەرەبەكان باشتر شارەزایی زمان و ئەدەبی عەرەبی بوونە، جا نمونەمان زۆرن لە زانایانی ئامەد لەم بوارە لەوانە :



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

أبو علی الآمدی کەناوی تەواوی ( الحسن بن محمد بن أحمد، أبو علی الآمدی) بۆ فێر بوونی زانست و زانیاری بەتایبەت زمانی عەرەبی و ئەدەب گەشتی بەغدای کردووە و لەوێ ماوەتەوە دواتر بۆتە زانایەکی زمانی عەرەبی و چەندین قوتابی پێگەیاندووە، جگە لە زمان گرنگی زۆریشی بە شعر و هەڵبەست داوە یەکێک بووە لە شاعیرە بەناوبانگەکان ( الصفدی، ٢٠٠٠، ج٤، ص١٩٥).

زانایەکی تری بواری زمان و ئەدەب (شمس الدین بن الآمدی الکاتب) کەناوی تەواوی (القاسم بن علی بن محمد بن علی، شمس الدین المزحجی العکبراوی الأصل المعروف بابن الآمدی) لە ساڵی ( ٦٣٥ك/١٢٤٦) لە دیمەشق لەدایک بووە، ئەم زانایە یەکێک بووە لە زمانزان و ئەدەب دۆست و شاعیرەکانی سەردەمی خۆی و دیوانێکی شیعریشی هەیە وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە، بەلاَم ناوی نازانرێ بەلاَم نمونەی شیعری زۆری ئاماژەی پێکراوە، جگە لەوەش بەهۆی لێزانینی لە زمان و لێهاتویی لە ئەدەب و وێژە دەسەلاَتدارانی مەمالیک پۆستیان پێ بەخشیوە، بۆ نمونە لەوانە کردویان بە چاودێر لە دیوانی سوڵتان، سەیری تەواوی داهاتی شارە و ئاوەدانیەکانی مصری کردووە، دیارە کەسێک ئەم پۆستە وەردەگرێت کە لێهاتوو بێت و جێی ممتمانەی سوڵتانەکانی مەمالیک بێت، بۆیە ناوبراویش هەم زمانزان و هونەر دۆست و کەسایەتیەکی دیاری ئەم بوارە بوو (الصفدی، ٢٠٠٠، ج٧، ص٢٠٠)

زمانزانێکی تری ئامەد زانایەکە بەناوی (احمد بن یوسف السعدي الحراني ثم الآمدي) کە جگە لەوەی زمان زان و زانایەکی زمانی عەرەبی بووە، لەهەمان کاتدا هونەر دۆست و شاعیریش بووە بەرهەمی ناوازەی هەبووە، ئەوە جگە لەوەی لەبواری فقهیشدا زانایەکی ناودار بووە هەر ئەوەند زانیاریەی لەبارەوە تۆمار کراوە ( ابن حجر، ١٩٦٦، ج١، ص ٤٠٧)

یەکێکی تر زانایەکە بەناوی ( ابن التیتی ) کە ناوی تەواوی (أحمد بن علی الصاحب العالم شرف الدین أبو الفداء الشیبانی الآمدی) زانایەکی ناوداری دیاربکرە، بۆ فێربوونی زانست و زانیار ی سەردانی مصر و شامی کردووە و لەوێ لای کۆمەڵێک مامۆستای ناودار وانەی خوێندووە، ناوبراو جگە لەبواری زمان، هونەر دۆست و شاعیرێکی ناوازە بووە لەهەمان کاتدا فەرمووده ناس بووە، جگە لەوەی لەبواری مێژووش شارەزایی زۆری هەبووە کتێبێکی مێژوویی لەبارەی ئامەد نووسیوە و هەرچی مێژووی ئامەد هەیە تێیدا کۆی کردۆتەوە، کەسایەتیەکی ناوداری ئامەد بووە و لەگەڵ کاربەدەستانی ماردین نێوانی خۆش بووە، بۆیە زۆرجار وەکو نێردراووی ماردین دەیان نارده مصر، ناوبراو هەر لەماردین لە ساڵی (٦٧٣ك / ١٢٧٥ز) کۆچی دوایی کردووە (الصفدی، ٢٠٠٠،ج٢، ص٤٦١).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

٦ -**سۆفیگەری ( التصوف)**

زانستێکە بایەخ و گرنگی بە پاککردنەوەی دڵ و دەروون دەدات، ئامانجیشی خۆ دوور گرتنە لە هەموو کارێکی نا پەسەند و نەشیاو، زۆر جاریش بەم زانستە گوتراوە (علم الحقیقە) کە تێیدا مەبەست لێی وێڵ بوونە بەدوای خودای حقیقی، ئامانجیش خۆ نزیک کردنەوەیە لەو خودایەو خۆ دور گرتنە لەو کار و کردەوانەی کەخەڵکی دیکە ئەنجامی دەدەن و زۆرجاریش سۆفییەکان نازناوی ( الفقراء)( احسان، ص ص ٢٠٠٨، ١٨ -٢٨) یان (غرباء) و (سیاحین ) یان لە خۆیان ناوە( الکلاباژی، ٢٠٠١، ص١٣)(محمد ، ١٩٨٠، ص ١٤٠) ئەم زانستە ناو کورد و بەتایبەتی لای ئامەدیەکان گرنگی خۆی هەبووە چەند زانایەك لەم بوارە پێشەنگ بوون لە دیارترینیان (حسن جلبی) و کورەکەیەتی بەناوی (عبد اللگیف بن حسن، الشیخ الصالح الصوفي عبد اللگیف جلبی الآمدی) ئەم بنەماڵەیە بەدیارترین سۆفیەکانی حەلەب هەژمار دەکران و کەس لەوانە لەم بوارە ناوبانگی پەیدا نەکردووە وە (حلقةي ذکر) یان لە مزگەوتەکانی حەلەب هەبووە و مورید و شوێنەکەوتەیان زۆر بووە، وە لەدوای ئەوانیش کوڕی (عبداللطیف جلبي) بەناوی( فتحی جلبی) لەسەر ڕێی باوکی بەردەوام دەبێت، ئەوی شایەنی باسە (فتحی جلبی دەڵێت باوکم لە ساڵی( ٩٣٢ك ١٥٢٥ز) لە ئامەد کۆچیی دوایی کردووە. (الغزی، ١٩٧٩، ج٢، ص١١٣)

یەکێکی دیکە لەو سۆفیانەی ئامەد شێخ (عبد القادر بن عبد الله الآمدي، ثم الحلبي، ثم الدمشقي) ئەویش یەکێکە لە سۆفي و شێخەکانی حەلەب بەلآم ناوبراو جگە لەکاری سۆفیاتی کاری دیکەشی کرددوە لەوانە دارتاشێکی باش بووە وە بازرگانێکی لێهاتوو بووە جگە لەوەی شێخێک بووە زۆرێک لە خەڵک باوەریان پێی هەبووە دەچوونە لای و لەحەلەب سەردانیان دەکرد حەزیان لەبەرەکەتی ئەو هەبوو، ناوبراو لە ساڵی (٩٦٦ك /١٥٥٧ز) لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە( الغزی، ١٩٧٩،ج٢،ص ٢١١)

## دووەم: زانستەکانی بیرکاری و پراکتیکیەکان:

لەپاڵ زانستە ئایینیەکان موسڵمانان گرنگی زۆریشیان بە زانستی کردارەکی داوە و لەم بوارەش پێشەنگ بوون، سەدان زانایی موسڵمانی ناودارمان هەن کە خزمەتی زۆریان بە گرۆی مرۆڤایەتی کرددوە و شارستانیەتی بەگشتی دەوڵەمەند کردووە، کە تا ئێستاش بەشێک لەم زانایان کاریگەریان لەسەر ڕەوتی زانستی بەجێهێشتووە، لەنێو کوردیش زانا گەلێک هەن کە خزمەتی ئەم بوارەیان کردووە، لە کوردە ئامەدیەکانیش هەن کە لەپاڵ زانستە ئایینیەکان گرنگی زۆریشیان بە زاستە کردارەکیەکان دابێ لە گرنگترین ئەم بوارانەش ئەمانەی خوارەوەن:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ١ - زانستی بیرکاری و ئەندازەزانی:

زانستی بیرکاری و ئەندازە گرنگی زۆری هەبووە لە مێژووی ئیسلامی، چونکە پەیوەست بوو بەزۆر بواری ژیانی موسڵمانانەوە بەتایبەت لە دیاری کردنی کات و دابەش کردنی میرات و زۆر بواری تریش بۆیە ئەم زانستە گرنگی تایبەتی خۆی پێدراوە(الانصاری، ١٩٩٨، ص٩٩)، بەتایبەتیش لەسەردەمی مەمالیک ئەمزانستە زیاتر گرنگی پێدراو زۆرتر پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە. ( قادر محمد، ٢٠٠٩، ٢٩١)

کوردیش لەم زانستە کەمتەرخەمی نەکردووە و چەندین زانای ناوداری لێهەڵکەوتوە لە نێو کوردیش کوردانی ئامەد گرنگیان بەم زانستە داوە، لەوانە زانای ناوداری دیار بکر (القاضي علاء الدين ابن الآمدي) کە زۆر کەسێکی بلیمەت و زانای بیرکاری و ئەندازە بووە پێان وابووە هیچ کەس بە قەد ئەو شارەزای ژمارەکان و حیساب و کتابی هاوردەو ناردن نەبووە بۆیە نووسەران و مێژوو نوسان زۆر ستایشیان کردووە گوتویانە ((كتب المنسوب الفائق، وحقق ما فيه من الطرائق، وأتقن أقلامه السبعة، مع ثبوت التأنق وعدم التأني والسرعة، تسابق البروق أقلامه، وتفوق سطوره الدر إذا زانه نظامه. كأنما همزاته الحمائم على ألفاته التي هي الأغصان، وكأنما عطفات الجيمات وجنات، ونقطها خيلان. كم كتب ختمة وكأنها للعيون روضة ورد، وكم حرر ربعة فلم تحتج إلى ذهب ولا لازورد، تسودت بعده أوراق التجويد، وتحطمت أقلام الكتاب بعدما كانت أماليد)) (الصفدي، ١٩٩٨،ج٣،ص ١١٢) هەر لەبەر ئەو شارەزایە زۆری لەبواری ژماردن و حیسابدا هەبوو دەسەڵاتدارانی مەمالیک چەند پۆستێکیان پێبەخشیوە لەوانە لە دیوانەکان کاری زۆری کردووە و هەروەها وەك سەرپەرشتیاری ئەوقاف و زەوی و زارەکانی تایبەت بەوەقف کاری کردووە، ناوبراو ئەوەند لێهاتوو بووە لەبواری ژماردن هەر پرسیارێکی بیرکاریان ئاراستە دەکرد بێ وەستان وەڵامی دەدایەوە یان وەك باسیی کراوە هیچ کات هەڵەی لە ژمارەکان نەکردوە و پێان وابووە باشترین زانایە لەم بووارەو وەك صفدی باسیی کردووەو دەڵێ ((كان معدوداً في كتاب الحساب، متفرداً بالضبط في الدخل والخرج))( الصفدي، ١٩٩٨، ج٣، ص١١٢).

### ٢ -زانستی مۆسیقا:

ئەم زانستە لە شارستانییەتی ئیسلامی بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی تر زانستێکی تا ڕادەیەك تازەیە، لەهەمان کاتدا لەسەرەتای بەدیارکەوتنی بەچاوێکی گوماناوییەوە سەیردەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە کەسایەتییە دیارەکانی شارستانییەتی ئیسلامی حەزیان بەم زانستە کردووە و هەوڵیان بۆ داوە، بە تایبەت کاربەدەستان بۆ ڕازاندنەوەی شەوانی کۆشک و پێشوازی کردن لە میوانەکانیان حەزیان بە مۆسیقا و گۆرانی چڕین بووە، بۆیە گەلێک کەسیان بەپارە هێناوەتە ژێر باڵی خۆیانەوە بۆ ئەوەی مۆسیقایان بۆ بژەنن و گۆرانیان بۆ بچرن،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

تەنانەت پارەی زۆریشیان بۆ ئەم بوارە تەرخانکردووە، بۆیە ئەم زانستە بووە زانستێکی کارا و لە هەندێک ناوچە دەخوێندرا وخەڵکانێکی زۆریش خولیای فێربوونیان هەبووە و خۆیان پێوە خەریک کردووە.

لە نێو کوردانی ئامەدیش کۆمەڵێک کەس بەدیار کەوتن کە لە مۆسیقا و گۆرانی چڕیندا زۆر لێها توو

بوون وناوبانگیان پەیدا کردبوو، ناوداترینیان(عثمان بن شمس الإمام العلامة الخطيب، المفنن فخر الدين أبو النور بن منلا شمس الآمدي، ثم الدمشقي الحنفي) یە ئەم زانایە لەسەرەتادا وتر بێژ و زانایەکی ناوداری بواری ئایینی بوو شێخێکی دیاری دیمەشق و دەوروبەری بووە دەرسی لە مزگەوتەکانی ئەم شارە گوتۆتەوە و چەندین قوتابی پێگەیاندووە، لەهەمانکاتدا دەستێکی باڵای لە ئاوازدانان و مۆسیقادا هەبووە و کتێبی لەم بارەیەوە نووسیوە، (الغزی، ١٩٧٩،ج٢، ص ص ١٨٨ -١٨٩) بۆیە ئەم زانایە هاوسەنگی لەنێوان زانستەکاندا پاراستبوو بۆیە کە لەساڵی (٩٤٤ك /١٥٣٧ز) کۆچی دوایی دەکات، زانایانی ئاینی و قوتابیان و کەسانی خانەدان و شێخ و مورید و هونەر دۆستەکان لەسەر لاشەکە ئامادە دەبن و بەخاکی دەسپێرن کە ئەمە نیشانەی خۆشویستنی ئەم زانایەیە لەلایەن تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بۆیەش هەموو لایەك بەهی خۆیان زانیووە و لەکاتی مردنی بۆی بەسۆ بوونە و ئامادەی ناشتنی بوونە.

## ئەنجامەکان:

- ڕووخانی خەلافەتی عەبباسی لەئەنجامی پەلامار و هێرشەکانی مەغۆل بۆ سەر جیهانی ئیسلامی گەورەترین مەترسی و زیانی هەبوو، بەتیبەت ژێرخانی پر معریفەت وداهێنانی موسڵمانان و ئەو پێشکەوتنە زانستیەی کە هاتبووە ئاراوە لەناوبران.
- مسر و شام دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لەبەغدا بووونە شوێنگرەوەو میرات گری زانایان و دەرگایەکی تر بۆ ڕووگەی زانستی موسڵمانان بەگشتی، بۆیە زانایانی موسڵمانان بۆ دووبارە برەودان بەزاست و بزاڤی معریفەت ڕوویان لەم ڕووگە تازەیە کرد.
- ڕۆڵی کورد لەمێژوو و شارستانیەتی ئیسلامی سەردەمی مەمالیک تەنها کورت ناکریتەوە لە بوارەکانی سیاسی و سەربازی، بەڵکو کورد و بەتاتیبەتیش ئامەدییەکان پشکداری بەرچاویان هەبووە لە بوارە معریف و زانستیەکان و بووژاندنەوەی بزاڤی زانست لەو سەردەمە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

- زانایانی ئامەد دوای درك كردن بە مەترسی كەم بوونەوەی پێگەی زانایان و لەدەست دانی زانست لەدوای ئەم بارووودوخە خراپەی كە هاتە ئاراوە، ئەوان هاتنە پێش بۆ ئەوەی وەك ئەركێكی ئاینی ببنە پارێزەری زانست و زانیاری و دووبارە پێشخستنەوەی بزاڤی زانست.
- ئەوەی دیارە كە زانایانی كوردی ئامەد زیاتر بایەخیان بەزانستە ئایینیەكان داوە و كەمتر لایان كردۆتەوە بەلای زانستە پراكتیكی و كردارەكیەكان.
- كوردە ئامەدییەكان لەنێو زانستە ئاینیەكانیش زۆرتر گرنگیان بە زانستی قورئان و فەرموودە داوە، چونكە پێیان وابووە باشترین دوو بوارن كە خزمەتی زانستی تێدا بكەن خۆیانی پێوە خەریك بەكەن.
- ئەوەی تێبینی دەكرێ كە زانسستی فەرموودەناسی لە لای هەندێك لە بنەماڵەكانی ئامەد زۆرتر بایەخی پێدراوە و نەوە لەدوای نەوە لەم بوارەدا پێشەنگ بوون، بۆ نمونە بنە ماڵەی (عفيف الاسحاق)، ئەمەش پێگەی ئەم بنەماڵەیە و كوردە ئامەدییەكان دەردەخات لەم بوەردا.

## سەرچاوە ڕەسەنەكان:


ابن الاثير، عزالدين ابي الحسن بن ابي الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيباني(٦٣٠ك/ ١٢٣٢ز)

١ - الكامل في التاريخ، تحقيق عبدالسلام التدمري، دار الكتب العربي، لبنان : ١٩٩٧
٢ - الانصاري، ابي يحيى زكريا ( ت ٩٢٥ك/ ١٥٢٠ز)
٣ - اللؤلؤ النظم في روم التعلم و التعليم، شرح و تعليق، عبدالله نذير احمد، دار البشائر الاسلامية، بيروت، ١٩٩٨
٤ - ابن بطوطة، ابو عبدالله محمد بن عبدالله الطنجي(ت ٧٧٩ك/ ١٣٧٧ز)
٥ - تحفة النظار في غرائب الامصار و عجائب الاسفار، رحلة ابن بطوطة، دار صادر بيروت، ١٩٦٤
٦ - بيبيرس المنصوري،
٧ - مختار الاخبار، تحقيق عبدالحميد صالح حمدان، دار المصرية اللبنانية، ١٩٩٣
٨ - ابن تغري بردي، جمال الدين ابي المحاسن يوسف الاتابكي (ت ٨٧٤ك/ ١٤٦٩ز)
٩ - النجوم الزاهرة في اخبار ملوك مصر والقاهرة، مطابع كونستات سوماس وشركاؤه القاهرة، د.ت
١٠ - الجرجاني، علي بن محمد الشريف، (ت٨١٦ك/ ١٤١٣ز)
١١ - العريفات، دار الكتب العلمية، لبنان:١٩٨٣
١٢ - حاجي خليفة :مصطفى بن عبدالله تاقسطنطيني الرومي الحنفي (ت ١٠٦٧ك /١٦٥٣ز)
١٣ - كشف الظنون عن اسامي الكتب والفنون، مكتبة المثني، بغداد: د.ت

١٤ - ابن حجر، شهاب الدين احمد بن علي العسقلاني ( ت ٨٥٢ك/ ١٤٤٨ز)
١٥ - انباءالغمر بابناء العمر في التاريخ، باشراف محمد عبدالحميد خان، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، حيدر اباد (الدكن :١٩٦٧)
١٦ - الدرر الكامنة في اعيان المائة الثامنة حققه وقدم له محمد سيد جاد الحق، مطبعة المدني، (القاهرة ١٩٦٦)
١٧ - الذهبي، شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان (ت٧٤٨ك١٣٧٤ز)
١٨ - ١٠ تاريخ الاسلام ووفيات المشاهر والاعلام، تحقيق عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتب العربير، (بيروت: ١٩٩٩)
١٩ - السخاوي، محمد بن عبدالرحمن (ت ٩٠٢ك/١٤٩٦ز)
٢٠ - الضوء اللامع لاهل القرت التاسع، منشورات دار مكتبة الحياة (بيروت :د.ت)
٢١ - السيوطي، جلال الدين عبدالرحمن بن علي (ت٩١١ك/ ١٥٠٥ز)
٢٢ - حسن المحاضرة في اخبار مصر والقاهرة، المكتبة المصرية، (بيروت :٢٠٠٤)
٢٣ - الصفدي، صلاح الدين خليل ايبك (ت ٧٦٤ك/ ١٣٦٢ز)
٢٤ - اعيان العصر واعوان النصر، تحقيق فالح احمد البكور، دار الفكر، (بيروت: ١٩٩٨)
٢٥ - الوافي بالوفيات، تحقيق احمد الارناؤط و تركي مصطفى، دار احياء التراث العربي، بيروت، ٢٠٠٠
٢٦ - الطائي، محمد بن عبدالله بن مالك الطائي (ت ٦٧٢ك/ ١٢٧٢ز)
٢٧ - شرح الكافية الشافية، تحقيق، عبدالمنعم احمد هريدي، مركز البحث العلمي واحياء التراث الاسلامي، الرياض د.ت
٢٨ - ابن العماد، ابو فلاح عبدالحي الحنبلي (ت ١٠٨٩ك/ ١٦٧٨ز)
٢٩ - شذرات الذهب في اخبار من ذهب، دار احياء التراث العربي، بيروت د.ت
٣٠ - الغزي، تقي الدين بن عبدالقادر التميمي (ت١٠١٠ك/ ١٦٠١ز)
٣١ - الكواكب السائرة باعيان المائة العاشرة، تحقيق جبرائل سليمان جبور، منشورات دار الافاق الجديدة، ط٢، بيروت:١٩٧٩
٣٢ - الفاسي، الامام تقي الدين ابي الطيب محمد بن احمد المكي (ت ٨٣٢ك/١٤٢٨ز)
٣٣ - ذيل التقيد في رواة السنن والمسانيد، تحقيق، كما يوسف الحوت، دار الكتب العلمية، بيروت :١٩٩٠
٣٤ - ابن الفرات، محمد بن عبدالرحيم (ت ٨٠٧ك/ ١٤٠٤ز)
٣٥ - تاريخ ابن الفرات، عني بنشره تتحقيقه، قسطنتين زريق، المطبعة الاميركانية، بيروت : ١٩٣٦
٣٦ - القلقشندي، احمد بن علي (ت٨٢١ك/ ١٤١٨ز)
٣٧ - صبح الاعشى في صناعة الانشاء، شرح و علق عليه، محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية، ١٩٨٧
٣٨ - الكلاباذي، تاج الاسلام ابوبكر محمد (ت ٣٨٠ك/ ٩٩٠ز)
٣٩ - التعريف بنذهب اهل التصوف، تقديم يوحنا الحبيب الصابر، دار صادر بيروت، ٢٠٠١
٤٠ - المقريزي، تقي الدين ابي العباس احمد بن علي بن عبدالقادر العبيدي (ت ٨٤٥ك/ ١٤٤١ز)
٤١ - السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق محمد عبدالقادر عطا، منشورات دار الكتب العلمية، لبنان:١٩٩٧
٤٢ - ابن المنظور ، ابو الفضل جمال الدين محمد ( ٧١١ك/ ١٣١١ز)
٤٣ - لسان العرب، دار صادر البيروت، ط٣، لبنان : ٢٠٠٤



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەكولینێن كوردی

## ژێدەرەکان:


١ - احسان الهي ظهير

٢ - التصوف، دار ابن حزم، القاهرة، ٢٠٠٨

٣ - احمد شلبي،

٤ - تاريخ التربية الاسلامية، دار الكشاف للنشر، ١٩٥٤

٥ - جرجي زيدان

٦ - تاريخ اداب اللغة العربية، دار مكتبة الحياة، القاهرة، ١٩٨٣

٧ - جلال يوسف العطاري

٨ - حركة تاليف العلمي في مصر ووالشام في العصر المملوكي الاول، دار الفكر، عمان٢٠١١

٩ - حسن شمسياني

١٠ - مدارس دمشق عي عصر الايوبي، دار الاتفاق العربية، ١٩٨٣

١١ - سعيد عبدالفتاح عاشور

١٢ - المجتمع المصري في عصر سلاطين المماليک، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٦٢

١٣ - السيد الباز العريني

١٤ - المماليک بيروت، دار النهضة العربية، ١٩٨٩

١٥ - شوقي وصيف

١٦ - تاريخ الادب العربي عصر الدول والامارات — مصر و الشام، دار المعارف القاهرة، ١٩٨٤

١٧ - صبحي صالح

١٨ - مباحث في علوم القران، دار العلم للملايين، ١٩٧٢

١٩ - عبدالكريم المدرس

٢٠ - علماؤنا في خدمة العلم والدين، دار الحرية للطباعة (بغداد : ١٩٨٣)

٢١ - عبدالله عبد الدائم

٢٢ - التربية عبر التاريخ من العصور القديمة حتى اوائل القرن العشرين، دار العلم للملاين، ط٥، ١٩٨٤

٢٣ - عبدالوهاب عزان

٢٤ - مجلس سلطان الغوري، ٢٠٢٠

٢٥ - عمار محمد نهار

٢٦ - الدراسات نظرية الجديدة في عصر دولة مماليم البحرية، مجلة دراسات التاريخية العددان ١١٧ -١١٨، سنة ٢٠١٣

٢٧ - عمر موسى باشا

٢٨ - الأدب في بلاد الشام :: عصور الزنكيين والأيوبيين والمماليک، المكتبة العباسية، ١٩٧٢

٢٩ - قادر محمد حسن

٣٠ - اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية، مطبعة حاجي هاشم، اربيل: ٢٠٠٩

٣١ - كامل اسود قادر

٣٢ - دور الكورد الحضاري في مصر وبلاد الشام خلال عهد دولة المماليک الجراكسة، مطبعة الاكاديمية الكوردية، اربيل :٢٠١٤

محمد جلال شرف

٣٣ - دراسات في التصوف الاسلامي، (بيروت:١٩٨٠)

محمد ماهر حمادة، المكتبات في الاسلام نشاتها وتطورها ومصادرها، مؤسس الرسالة، بيروت ١٩٧٨

# دور العلماء الامديون في انتعاش الحركة العلمية في عهد المماليك


**الملخص:**

شهدت الحركة العلمية عقب احتلال بغداد سنة ( ٦٥٦هـ/ ١٢٥٨م) وسقوط الخلافة العباسية بعد الاجتياح المغولي للعالم الاسلامي، تراجعا خطيرا تمثلت في تدمير المراكز العلمية والدينية و مصرع العلماء أو نفيهم أو تشريدهم، ولكن لحسن الحظ فان المناطق الواقعة ضمن نفوذ المماليك كانت اقل تضررا من الاثار السلبية للغزو المغولي، حيث كانت محط انعاث الحركة العلمية في ظل المماليك لتشهد تطورا ملحوظا، كان للكرد قسطا موفورا في انتعاشها من خلال العديد من العلماء الكرد او المنسوبين الى بلاد الكرد، ومنهم العلماء الامديون الذين برز شانهم في مجالات علمية شتى.

تتكون هذه الورقة من تمهيد ومبحثين بالاضافة الى النتائج، في التمهيد تم القاء الضوء على الاوضاع السياسية والعسكرية السيئة التي سادت الغزو المغولي والعواقب الوخيمة للغزو ومنها المتعلقة بالجانب العلمي.

أما المبحث الاول فقد خصص البحث العوامل التي ساعدت على انتعاش الحركة العلمية واضطلاع العلماء بدورهم في المجالات المختلفة، في حين تناول المبحث الثاني الدور الكبير التي قام به العديد من العلماء الاعلام الامديين في خدمة العلم واهله و احياء الحركة العلمية ومؤسساتها في عصر المماليك فكان لهم اثرخم الواضح والفعال فب هذا الجانب، وختاما تم تخصيص اهم النتائج التي وتوصلنا اليها في نقاط موجزة.



**الكلمات المفتاحية:** *تاريخ امد، دياركر، مماليك، الحركة العلمية، علماء الكرد*


# The Role of the amadian Scholars in the Recovery of the Scientific Movement during the Mamluk Era.


**ABSTRACT:**

The scientific movement witnessed after the occupation of Baghdad in (656 AH / 1258 AD) and the fall of the Abbasid caliphate after the Mongol invasion of the Islamic world, a serious decline represented in the destruction of scientific and religious centers and the killing, exile or displacement of scientists. Fortunately, however, the areas within the influence of the Mamluks were less affected by the

negative effects of the Mongol invasion, as the focus of the revival of the scientific movement in the shadow of the Mamluks was witnessing a remarkable development.Through many of the Kurdish scholars or affiliated with the Kurdistan, among them are the eternal scholars who have emerged in various scientific fields.

This paper consists of aintroduction and two chaptersas well as conclusion. In the introduction, the political and military conditions that prevailed in the Mongol invasion and the dire consequences of the invasion, including those related to the scientific aspect, were highlighted. The first chapter is devoted to factors that helped the recovery of the scientific movement and the scholars' role in various fields.While the second chapter dealt with the great role that many leading media scholars played in serving science and its people and reviving the scientific movement and its institutions in the era of the Mamluks. They had clear and effective role on this aspect. Finally, the most important results that we reached were summarized in brief points.

**Keywords:** *The Role of the amadian Scholars, the Recovery - the Scientific Movement - the Mamluks.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی